سەرۆک کۆمار و هاوتا ئێرانییەکەی باس لە پەرەپێدانی هاریکاری هاوبەش و چەسپاندنی سەقامگیری ناوچەکە دەکەن

عەبدوڵڵەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کۆمار و مەسعوود پزیشکیان هاوتا ئێرانییەکەی باس لە پەرەپێدانی هاریکاری هاوبەش و چەسپاندنی سەقامگیری ناوچەکە دەکەن.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە باویکردووە، "عەبدوڵڵەتیف جەمال ڕەشید، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ مەسعوود پزیشکیان سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران پەیوەندیی دووقۆڵیی نێوان هەر دوو وڵاتی دراوسێ و چۆنیەتی پەرەپێدانی هاریکاریی لە بوارە جیاجیاکانی بەرژەوەندی هاوبەش تاوتوێکرا بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندیی هەر دوو گەل بکات و ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا بچەسپێنێت".

وتیشی"هەردوو سەرۆک بەبەنێی جەژنی ڕەمەزان و نەورۆزەوە پیرۆزباییان لە یەکتر کرد و هیوای پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی زیاتریان بە گەلانی عێراق و ئێران خواست".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە"لە میانی پەیوەندییە تەلەفونییەکەدا، هەردوولا چەندین بابەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتییان تاوتوێ کرد و جەختیانکردەوە لە گرنگی بەردەوامی هاریکاری نێوان هەردوو وڵات و چەکردنەوەی هەوڵەکان و گفتوگۆی بنیاتنەر بە چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان و چەسپاندنی بناغەکانی گەشەپێدان و سەقامگیری".

لەکەتایی ئاگەیەندراوەکە هاتووە"هەروەها ئەککەوتن کرا لەسەر چالاککردنی هەماهەنگی لە مامەڵەکردن لەگەڵ پەشهاتە ناوچەیی و نەودەوڵەتییەکان، بە شێوەیەک کە بەشداربێت لە پشتیوانیکردنی سەقامگیری سیاسی و کەمکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە".